# چۆن شێعری کێشدار بنووسین؟

**به زمانێکی ساده**

**م. ئاران**

هاوینی 98

**پوختەی بابەتی ژمارە ١:**

زمانی کوردی 34 پیتە.

37 دەنگی هەیە.

دەنگەکان دابەش دەبن بەسەر: بزوێن و نەبزوێندا.

بزوێن: دەم زیاتر بۆی دەکرێتەوە و پیتەکانی تر وەجووڵە و بزواندن دەخات.

نەبزوێن: دەنگەکان لە شوێنێکدا تووشی بەربەست دەبەن یا بەچەشنێک دەگوشرێن.

8 بزوێنی کوردی ئەمانەن:

[ا و ۆ وو ێ ی ە بزرۆکە]

تێبینی گرینگ:

- «ی» لە کوردیدا سێ جۆرە: یای نەبزوێن وەک لە وشەی یاردا، یای بزوێنی درێژ وەک لە وشەی ژیندا، یای نیوەبزوێن کە لە هەندێک وشە - بەتایبەت لە وشە عەرەبییەکاندا- هەیە وەک: حیساب، کیتاب.
- واویش لە کوردیدا دوو جۆرە(جووت واو خۆی بە پیتێکی سەربەخۆ دادەنرێت): واوی نیوەبزوێن وەک لەم وشانەدا هەیە: گوڵم، گوناح؛ هەروەها واوی نەبزوێن وەک لەم وشانەدا هەیە: دەوار، وارگە.

ئێستا ئەو بەشەی وا کەمتر باس کراوە و بۆ شێعر پێویستمان پێیەتی چییە؟

ناسینەوەی درێژ و کورتی بزوێنەکان

ە، بزرۆکە، واوی نیوەبزوێن، یای نیوەبزوێن ئەم چوارە بزوێنی کورتن.

ۆ، وو، ا، ێ، یای بزوێنی درێژ ئەم پێنجەش بزوێنی درێژن.

تێبینی: چون پیتی یێ سێ جۆرە بۆیە ئێمە بزوێنەکان لە باسی شێعردا بە نۆدانە وەردەگرین.

**پێناسە و پێکهاتەی بڕگە**

پێناسەی بڕگە:

هەر بڕگەیەک بریتییە لە دوو تا چەن دەنگ یان پیت کە دوابەدوای یەک و بەبێ ڕاوەستان بە یەکجار هەناسەدانەوە دەردەبڕدرێت.

پێکهاتەی بڕگە لە وشەدا:

1. هەر وشەیەک دابەش دەکرێت بە سەر یەک یان چەن بڕگەدا.
2. هەر بڕگەیەک بریتییە لە یەک بزوێن(پیتی دەنگدار) و یەک یان چەند نەبزوێن (پیتی بێدەنگ).
3. بزوێن لە سەرەتای وشە و بڕگەدا نایەت.(بەپێی ڕێنووسی ئارامی)
4. لە وشە یان بڕگەدا، هەرگیز دوو بزوێن ناکەونە لای یەک.

پێکهاتە و داڕشتنی پیتی بزوێن و نەبزوێن لە بڕگە و وشەدا:

بڕگە لە زمانی کوریدا دابەش دەکرێت بە سەر ئەم حەوت پێکهاتەیەدا:

1. نەبزوێن + بزوێن(کورت یا درێژ) وەکوو: ب، نە، سێ، تۆ، با، چی، دوو: CV*
2. نەبزوێن + بزوێن + نەبزوێن وەکوو : کز، دەم، سێف، خۆر، دار، بووک: CVC
3. نەبزوێن + بزوێن + نەبزوێن + نەبزوێن وەکوو : کورد، مانگ، مەرگ: CVCC
4. نەبزوێن + بزوێن + نەبزوێن + نەبزوێن + نەبزوێن وەکوو : گەیشت، ڕۆیشت: CVCCC
5. نەبزوێن + نەبزوێن + بزوێن وەکوو: گوێ: CCV
6. نەبزوێن + نەبزوێن + بزوێن + نەبزوێن وەکوو: شوێن: CCVC
7. نەبزوێن + نەبزوێن + بزوێن + نەبزوێن + نەبزوێن وەکوو: سوێند: CCVCC

* C هێمای نەبزوێن و V هێمای بزوێنە.

تێبینی:

هەڵبەت خشتەی ئەم دابەشکارییە جۆراوجۆرن بەتایبەت ئەگەر ئێمە (وێ، وا، ەی، ۆی) بە جووتەبزوێن دابنێین خشتەکە تەواو گۆڕانی بەسەردا دێت.

**نموونەی دیاریکردنی بڕگەکان لە وشەدا.**

ڕۆژهەڵات دابەش دەکرێت بە سەر سێ بڕگەدا:

ڕۆژ : نەبزوێن، بزوێن، نەبزوێن

هە : نەبزوێن، بزوێن

ڵات : نەبزوێن، بزوێن، نەبزوێن

کوردستان  دابەش دەکرێت بە سەر سێ بڕگەدا:

کور: نەبزوێن، بزوێن، نەبزوێن

دس: نەبزوێن، بزوێن(بزرۆکە)، نەبزوێن

تان: نەبزوێن، بزوێن، نەبزوێن

نیشتمانم: دابەش دەکرێت بە سەر چوار بڕگەدا:

نیش: نەبزوێن، بزوێن، نەبزوێن

ت: نەبزوێن، بزوێن(بزرۆکە)

ما: نەبزوێن، بزوێن

نم: نەبزوێن، بزوێن(بزرۆکە)، نەبزوێن

**پوختەی بابەتی ژمارە ٢:**

کێش لەباری و ڕێکوپێکییەکی تایبەتە لەنێوان دەنگەکان و بڕگەکاندا. ئەم نەزمەش بۆ هەر نەتەوە و وڵات و زمانێک جیاوازە.
چوار جۆر کێشمان هەیە:

- ژمارەیی (ژمارەیی واتا تەنیا بەرابەری بڕگەکان پێویستە و بەس وەک شێعری ئیتالی و فەڕانسی و ئیسپانی و کوردی خۆماڵی.)
- زەختی (زەختی واتا زەخت و گوشار دەخرێتە سەر هەندێک بڕگەی تایبەت وەک ئاڵمانی و ئیگلیزی)
- چەندێتی (چەندێتی واتا بڕگەکان بەپێی کورت و درێژی ڕیز کرابن وەک عەرەبی و فارسی و سانسکریت و کوردی کلاسیک)
- ئاهەنگین (ئاهەنگین واتا بڕگەکان بە زیر و بەم ئەدا کرێن وەک چینی و ڤیەتنامی و... )

کەوایە لە کوردیدا دوو جۆر کێشمان هەیە:
ژمارەیی و چەندێتی یان پەنجەیی و عەرووزی
چونکە شێوازی نوێ و فۆلکلۆر و کلاسیکیشمان هەیە بە گشتی شێعری کوردی بەم چەن بەستێنەدا تێپەڕیوە:

1. کێشی پەنجەیی لە شێعری فۆلکلۆر و کلاسیکدا
2. کێشی پەنجەیی لە شێعری نوێدا
3. کێشی عەرووزی لە کلاسیکدا
4. کێشی عەرووزی لە شێعری نوێدا
5. شێعری ئازاد.

تێبینی: بەیت و حەیران ئەگەر بە ئەدەبی نەتەوەیی بزانین ئەوە دەکرێ بەم خشتەیە زیاد بکرێ دەنا بەیتیش هەر کێشی پەنجەیی هەیە و فۆلکلۆرە.

a. کێشی پەنجەیی: لەم وەزنەدا بڕگەکانی هەر بەیتێک هەر بەیتێک دەبژێرن کە پێویستە بەرابەر بن. وەک زۆربەی کارەکانی هەژار، هێمن، قانع، گۆران، موفتی و ...هەروەها هەموو ئەو شێعرانەی لە گۆرانییەکاندا بیستوومانە کە پێیان دەڵێن بەرتەونانە یان شێعری گۆرانی.

قەسەم بەو مانگەی  5 بڕگە

خەرمانەی داوە  5 بڕگە

★★★★★★★★★

ئێستا مەیلی تۆم 5 بڕگە

بە کەس نەداوە 5 بڕگە

ئەمە هەر دێڕێک دە بڕگەیە

کەوایە کێشی خۆماڵی دە بڕگەییە.

**دوو خاڵی جێی سەرنج:**

1. شێعری جوان حەتمەن لازم نییە عەرووزی بێت.
2. شێعری پەنجەیی جیا لە بەرانبەری دێڕەکان، لەناو خودی هەر دێڕێکیشدا دابەش دەبێت.

جوانی بێ ناوی گۆران سەرەتا سێ سێیە دوایە دەبنە شەش شەش دوایە لە هەر دێڕێکدا گۆران جووت شەشی شاکاری خۆی ڕوو دەکا بۆمان:

قژکاڵی/لێوئاڵی/پڕشنگی/نیگاکاڵ=١٢ بڕگە

b. ئەمما عەرووز وەزنگەلێکی یەکجار زۆری هەیە کە 32 یان زیاتر باون. ناوی ئەم وەزنانەش، لەگەڵ هەندێک زانیاری لەمەڕ کێش و بڕگەوە لەسەر سایتی  www.vejinbooks.com هەیە.

شێعری سپی یان ئازاد وەزنی نییە بەڵام جۆرێک مۆسیقای دەروونی هەیە و شێعر ناکرێ بەتاڵ بێ لە هەر چەشنە ئاهەنگێک.

**پوختەی بابەتی ژمارە ٣:**

بڕگەی کورت و درێژ لە ڕووی بزوێنی کورت و درێژ دەناسینەوە. چون هەر بڕگەیەک تەنیا بزوێنێکی هەیە و ناوکی بڕگەکەیە کەوایە کارمان زۆر ئاسانە. تەنیا پێویستە بزانین ئەو بزوێنە کورتە یان درێژ ئیتر بۆمان دەردەکەوێ بڕگەکە کورتە یان درێژ. بڕگەی کورت بە U و بڕگەی درێژ بە خەتی تیرە - نیشان دەدەین.

لەم پێنج شەش حاڵەتەی بڕگەکاندا تەنیا یەک حاڵەتیان بڕگەی کورتە، باقیان درێژ و کێشراوەن و ئەوەش کاری شاعیر زۆر ئاسان دەکاتەوە. تەنیا کاتێک نەبزوێنێک و بزوێنێکی کورت پێک دەگەن بڕگەی کورت دروست دەبێت.

واتە:

نەبزوێن+ بزوێنی کورت [بزرۆکە، ە، واوی نیوەبزوێن، یای نیوەبزوێن] = بڕگەی کورت= U

نموونە:

نەبزوێن+بزرۆکە: ب، پ، ت، ج، چ، خ، ... وەکوو: بڕگەی ب لە وشەی بزۆزدا.

نەبزوێن+ە: بە، پە، تە، سە، شە، زە، ... وەکوو بڕگەی ئە لە وشەی ئەویندا.

نەبزوێن+یێی نیوەبزوێن: بی، تی، حی، ... وەکوو بڕگەی حی لە وشەی حیسابدا.

نەبزوێن+واوی نیوەبزوێن: بو، تو، دو، خو، ... وەکوو بڕگەی خو لە وشەی خودادا.

ئەم چوار حاڵەتە کۆی بڕگە کورتەکانی زمانی کوردییە. کەوایە ئەگەر بڕگەی ئاوامان لە شێعردا دیت نیشانەی U دادەنێین واتا کورتە بڕگەکە:

ئەگەر چی شەو درەنگە ساقی بۆم تێ کە کەمێکی تر:

ئە / U

گەر/ -

چی/ -

شەو/ -

د / U

رەن/ -

گە/ -

سا/ -

قی/ U

بۆم/ -

تێ/ -

کە/ -

کە/ U

مێ/ -

کی/ -

تر/ -

لێرەدا باسی دوو ئیختیاری شاعیری دەکەین کە لە کوردیدا  زۆر بەرچاوە.

**یەکەم ئیختیاری شاعیری:**

بڕگەی درێژ لە کۆتایی وشەی کوردیدا بەپێی ئیختیاری شاعیری ڕێگەپێدراوە کورت حیسابی بۆ بکرێت. بەتایبەت ئەو بڕگانەی بە (ی) و (وو) و (ێ) کۆتاییان پێ دێت. کەمتر دیتراوە ئەو بڕگانەی بە(ۆ) و (ا) کۆتاییان پێ دێت کورت بکرێنەوە مەگەر لە هەندێک شێعری مەلای جەزیری و وەفایی و هەژاردا.

**دووهەم ئیختیاری شاعیری:**

بڕگەی کورت لە کۆتایی وشەی کوردیدا بەپێی ئیختیاری شاعیری ڕێگەپێدراوە حیسابی بڕگەی درێژی بۆ بکرێت.

**پوختەی بابەتی ژمارە ٤:**

چۆن بزانین بڕگەیەک درێژە یان کورت؟

ئێمە ماوەی درێژکردنەوەی دەنگەکان دەکەینە بناغەی کارەکەمان. سەرەتا پێویستە شێعرەکە دروست بخوێنینەوە بەجۆرێک کە هەست بە لەنگی، شێواوی و نامیزانی نەکرێ تێیدا. دوای ئەوە سەرنج دەدەینە ڕادەی کێشانەوەی بڕگەیەک. هەر لەو بەیتەدا:

کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم

ڕۆڵەکەم باوانەکەم خێزانەکەم

ئەگەر کەسێک بە ئامێری میزانی کێشانەوەی دەنگ بێنێ دەنگی تۆمار بکا. دەزانێ کە بڕگەی (دە) لە کوردەواریدا و بڕگەی (تە) لە ئەی وڵاتەدا وەکوو یەک و بەیەک ڕادە نەکێشراونەتەوە بەڵکوو تە زیاتر دەکێشرێتەوە لە کاتی خوێندنەوەدا . کەوایە بناغەی دابەشکاری بڕگە لە شێعردا لەسەر خوێندنەوە و بەتایبەت خوێندنەوەی دروست دامەزراوە نەک نڤیسار.

لە عەرەبی و فارسیدا وا ناڵێن، دەڵێن: بزوێنی درێژ ... بەقەد دوو بزوێنی کورتە یانی آ دوو بەرابەری ە دەکێشرێتەوە. واو دوو بەرابەری زەممە و یا دووبەرابەری کەسرە.

ئێمە هەر لەم شتەش دەتوانین کەڵک وەرگرین مەسەلەن بێژین:

جووت واو  دوو واوە ...

یێی بزوێنی درێژ دوو بەرابەری یێی نیوەبزوێنە .

یان ئا ۆ ێ دوو بەرابەری فەتحە، زەممە و کەسرە دەکێشرێنەوە .

کەوایە بۆ بڕگەی کورت دەڵێین:

ئەو بڕگەیەی دوو دەنگە وەک ب، د، دە، کە واتا: نەبزوێن+بزوێنی کورت.

بۆ بڕگەی درێژ دەڵێین:

ئەو بڕگەیەی زیاتر لە دوو دەنگە وەک بۆ[ب+ دووجار زەممە] یان لوو[ ل+ دووجار و]

تەنیا ڕێگاش دروست خوێندنەوە و ئاشنایەتی لەگەڵ زاراوەکانە. مەسەلەن هێمن دەڵێ بۆ ن... وێژ ڕادەخا بەرەڵبێنێ:

دیم کچێکی لەباری لادێیی

بۆ ن...وێژ ڕادەخا بەرەڵبێنێ

له کاتێکدا خوێنەری کورد پێی خۆشە بڵێ بۆ نوێژ .... ئەمما خوێنەری شارەزا نوون بە بزرۆکە دەخوێنێتەوە .
یان لە بەیتەکەی سەرەوەدا، هێمن، [جوا]ی بە یەک بڕگە داناوە و بە بزرۆکە نەیکردۆتە دووان .
ئێمە بە هەموو شێوازەکان دێڕێک دەخوێنینەوە بزانین کام شێواز خوێندنەوەکەی خۆشتر و میزانترە ئەو هەڵدەبژێرین بۆ تەقتیع.

**قۆناغی دووهەم**

**پوختەی بابەتی ژمارە پێنج:**

سێ کێشی گرینگ باس دەکەین .ئەم کێشانە هەر یەکن بەڵام فەرقیان ئەوەندەیە بڕگەی کورتەکەیان جێگۆڕکێ دەکا و بەس. واتا لە کێشێکدا بڕگەی کورت، بڕگەی یەکەمە. لە کێشێکدا بڕگەی دووهەمە و لە کێشێکدا بڕگەی سێهەمە. بابەتێکی تر کە پێویستە بیزانین ئەوەیە عەرووز لەسەر نەزم و ڕەوتێکی ڕێکوپێک دامەزراوە. ئەگەر دێڕێک 13 بڕگەیە دێڕەکانی تریش ئەشێ وا بن. ئەگەر بەیتێک 16 یان 11 بڕگەیە هەموو دێڕ و بەیتەکانی دیکەش دەبێ وا بن. هەروەها لە بەیتێکدا دابەشکاری بڕگەکان ئەگەر چوارچوار یان سێ سێ بوو لە هەموو بەیتەکانی دیکەش ئەم ڕەوتە ئەشێ لەبەر چاو بگیرێت.

1. مەفاعیلون چوار جار:

بڕگەی یەکەم کورت و سێ بڕگەی درێژ

U - - -/ U - - -/ U- - - /U - - - یان مەفاعیلون مەفاعیلون مەفاعیلون مەفاعیلون وەکوو:

ئەگەرچی شەو

درەنگە سا

قی بۆم تێ کە

کەمێکی تر.

بەم کێشە دەگوترێ: هەزەجی هەشتانەی ساغ

2. فاعیلاتون چوار جار:

بڕگەی دووهەم کورتە و سێ بڕگەی تر درێژن:

-U - - /- U- - /-U - - /- U - - یان فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلاتون

بەم کێشە دەگوترێ ڕەمەلی هەشتانەی ساغ

3. موستەفعەلون چوارجار:

بڕگەی سێهەم کورتە و بڕگەکانی تر درێژن:

- - U- /- - U- /- - U - /- - U -

تا دڵ نەسوو
تێ دەم بە دەم،
فانی نەبێ
سەر تا قەدەم

بەم کێشە دەگوترێ ڕەجەزی هەشتانەی ساغ

**پوختەی بابەتی ژمارە شەش:**

دوو کێشی زۆر گرینگی دیکە باس دەکەین: چوارێنە و دووبەیتی.

کێشی دووبەیتی:
مەفاعیلون مەفاعیلون مەفاعیل یان
مەفاعیلون مەفاعیلون فەعولون
- - U /- - - U /- - - U
هزج مسدس محذوف
هەزەجی شەشانەی لابراو

نموونەی دووبەیتی لە کوردی و فارسیدا گەلێک زۆرە. گرینگترین دووبەیتییەکان ئی باوەتاهیری عوریانی هەمەدانییە.

لە چەشنی ئاگرن کوڵمی گەشی تۆ
لە مار حەستەمترن پرچی ڕەشی تۆ
بڵێم وەک چی دەچی هەر گوڵ دەزانم
لە گوڵ ناسکترە ناسک لەشی تۆ(هەژار)

**چوارێنە یان ڕوباعی:**

ئەم قالبەش هەر چوارخشتەیە بەڵام لەسەر وەزنی لاحول ولا قوە الا بالله.
وەزنی لاحول ولا ئەمەیە:
مەفعوولو مەفاعیلو فەعەل یان موستەفعەلو موستەفعەلو موستەفعەلو فەع

- U /U - - U/ U - - U / U - -

هزج مثمن اخرب مکفوف مجبوب
گرینگترین چوارێنەکان ئی خەییام و ئەبووسەعیدی ئەبولخەیر و فەڕڕوخی سیستانین لە فارسیدا کە هەژار و مەلاغەفووری دەبباغی بەجوانی وەریانگێڕاونەتە سەر کوردی:

گۆیا لە جەهەندەمن ئەویندار و مەست
بەم واتەیە پێ کەنیم و گوستی خۆم گەست
جێی چەن کەری کوڵکنە گەر وا بێ بەهەشت
یان چۆڵ و بیابان و کپە وەک لەپی دەست

**سێهەم ئیختیاری شاعیری:**

ئەگەر دوو بڕگەی کورت لەلای یەک بوون شاعیر بۆی هەیە لەجێی وان بڕگەیەکی درێژ دابنێ کە پێی دەگوترێ تەسکین. هەر بۆیەش کێشی چوارێنە لە هەندێک دێڕدا دەبێتە مەفعولو مەفاعیلو مەفاعیلون فەع واتا:

- - U / U - - U/ U - - U/ U- - U - دەبێتە: - - U / U - - U /U - - - /-

**پوختەی بابەتی ژمارە حەوت:**

1. جۆرەکانی کێشی چوارێنە
2. کۆڵەکەکانی عەرووز

a. نزیکەی دوازدە سێزدە کێشی لاوەکیمان هەیە بۆ چوارێنە کە هەموویان زۆر وەکوو یەکن تەنیا ئاڵوگۆڕێکی بچووکیان بەسەردا هاتووە. یان بەپێی ئیختیار دووبڕگەی کورتیان کراوە بە درێژ یان جێگای بڕگەیەکی کورت و درێژیان گوڕاوە.( تەسکین و قەلب)

کێشەکانی چوارێنە:

وەزنە لاوەکییەکانی چوارێنە ئەمانەن کە زانینی هەموویان پێویست نییە:

کێشی سەرەکی :

1) مستفعل مستفعل مستفعل فع

- -ن ن*/ - - ن ن/ - - ن ن/-

2) مفعولن مستفعل مستفعل فع

- -  - /- - ن ن/  - - ن ن/ -

3) مستفعل مفعولن مستفعل فع

- -  ن ن/  - - -/- - ن ن  / -

4) مستفعل مستفعل مفعولن فع

- -    ن ن/ - - ن ن-/- - - / -

5) مفعولن مفعولن مستفعل فع

- - -/ - - -/ - - ن ن / -

6) مستفعل مفعولن مفعولن فع

- - ن ن/- - - /- - - / -

7) مفعولن مستفعل مفعولن فع

- - - / - - ن ن/- - - / -

8) مفعولن مفعولن مفعولن فع

- - - /- - - /- - -/  -

9) مستفعل فاعلات مستفعل فع

- - ن ن/- ن- ن/ - - ن ن/-

10) مفعولن فاعلات مستفعل فع

- - - /- ن- ن/ - - ن ن/ -

11) مستفعل فاعلات مفعولن فع

- - ن ن/- ن- ن/- - - / -

12) مفعولن فاعلات مفعولن فع

- - - /- ن- ن/- - - / -

b. کۆڵەکەکانی عەرووز 14 دانەن کە لە تەرکیب و ئاوێتەکردنیان کێشەکان یانی وەزنەکان دروست دەبێت. ناوی ئەم کۆڵەکانە لە خشتەیەکدا هاتووە و لەسەر سایتی www.vejinbooks.com دا هەیە:

فەع، فەعلەن، فەعەل، مەفعولو، فەعوولەن، فاعیلون، فەعێلون، مەفاعیلون، مەفاعێلون، مەفاعیلو، فاعیلاتون، فەعەلاتون، فەعەلاتو، موستەفعەلون.

کە هەر کام لەمانە ناوێکی تایبەتی جۆی هەیە و بەپێی ئەوەی کە بەیتەکان چوار بەش بن یان سێ سێ پێیان دەگوترێ هەشتانە یان شەشانە.

**پوختەی بابەتی ژمارە هەشت:**

**چوارەم ئیختیاری شاعیری:**

لە سەرەتای ئەو شێعرانەی لەسەر کێشی فەعەلاتون هەن شاعیر بۆی هەیە فاعیلاتون دابنێ واتا [- - U U] بگۆڕێ بە [- - U -]

نموونە:
بۆ منی بێ سەروپا غەیری وەفا پیشە نەما
لێرەدا: بۆ منی بێ ... فاعیلاتونە بەڵام کێشی شێعرەکە ڕەمەڵی هەشتانەی مەخبوونی مەحزووفە.

لەسەر ئەم کێشە شێعری خۆشمان لە کوردیدا هەیە:

هێند دڵم تەنگە دەڵێم بەم شەوە لەم شارە بڕۆم

یان:

من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە کەچی

ئەم کێشە لەسەر دوو بڕگەی کورت دوانی درێژ دامەزراوە جا یان سالمە یان مەحزووف واتا یان 16 بڕگەیە یان پازدە بڕگە.

تێبینی:
ناوی وەزن گرینگ نییە بۆ فێربوون و ڕاهاتن ئێوە دەتوانن شێعرێک کە وەزنەکەی دەزانن هێندەی بە ئاهەنگ بڵێنەوە هەتا پێی ڕادێن وەک پارچەیەک مۆسیقا.

**پوختەی بابەتی ژمارە نۆ:**

**پێنجەم ئیختیاری شاعیری:**

شاعیر بۆی هەیە لە هەندێک کێشدا U - بگۆڕێ بە– U (قەلب)
مفتعلن دەبێتە مفاعلن:
- U U -
دەبێتە- U - U :
کە پێی دەڵێن قەلب.

یەکێک لەو وەزنە جوانانەی شێعری کوردی پێ دەنووسرێ ئەمەیە:

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
- - U U - - U U - - U U - -
یا مستفعل مستفعل مستفعل فعلن

ئەگەر سەرنج بدەن هەمان وەزنی چوارێنەیە تەنیا بڕگەیەکی درێژی پێ زیاد کراوە. ئەگەر وەزنەکانی چوارێنەش وا بەربڵاون لەبەر ئەم ئیختیاری قەلب و تەسکینەیە زیاتر.

**پوختەی بابەتی ژمارە دە:**
**وەزنی دەوری:**

بەو وەزنانە دەگوترێ کە لەناوەڕاستی دێڕەکاندا، ڕاوەستان هەیە، ئەم وەزنانە تێکەڵەی دوو ڕوکن یان دوو کۆڵەکەن:

مفعول فاعلاتن، مفعول فاعلاتن
مفتعلن فاعلن، مفتعلن فاعلن

تێبینی: وەزنی دەوری لە شێعری هاوچەرخی فارسیدا زۆر ڕەونەقی سەندووە و بۆتە هۆی داهێنانی زۆر شێعری کێشداری جوان و تازە.

دوو وەزنی دەگمەن و ناوازەی دیکەش باس دەکەین کە ئێستا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئەدەبی فارسیدا کاری پێ دەکرێ بەڵام بەداخەوە لە شێعری کوردیدا کەم کەس خۆی لە قەرە دەدا:

مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن
مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

بەختەوەرانە شاعیرانی کلاسیکی ئێمە بەتایبەت مەحوی و نالی زۆر بەجوانی لەسەر ئەم وەزنانە شێعریان نووسیوە.